

جەمال شارباژێری

# جووتە خوشکێک



ژووررووی لەندەن
لە ناوچەی ئەدمنتون کرین
بە رامبەر مارکێتی لیدڵ
گازینۆیەک
سێ چوار هاوڕێ و هاوتەمەن
لە گۆشەیەکدا جێدەگرین
خاوەنەکەی کوردی باکور
وەک هاوخەمێک
کێشەی باکورمانی بەکوڵ
لەگەڵدا هەڵدەگرین
زۆر جار بۆ شەهیدەکانمان
گریاوین و دەگریین
***
لە ئەدرەسەکەمەوە بە پاس
چارەکێک دوور
ڕۆژانە دەمەو ئێواران
بۆ دیدەنی و هەواڵ و باس
بۆی دەچم
ئەگەر نەچم
سەرم لێدەشێوێت و
لەوانەیە تێکبچم
***


شیعر

دوو پەپوولەی ئێسک سووکی
لەش سووکی
پۆڵەندی
خوشکی یەکترن
یەک لەیەکتر ناسکترن
هەر کامێکیان سەرەی کاری بێت
بەهەڵاو هەڵاو
لەپێشوازیتایەو دەڵێت:
بەخێرهاتیت سەرچاو
زۆر بەنەرمی
دەفەرموێت چی دەخوازی؟
ساردی، گەرمی
کۆلا، شەربەت
چا، نیسکافە، یان قاوە ؟؟
ساتێک رادەمێنم و ملکەچم
بۆ لای کامیان بچم ؟!
دوا تر قاوەیەکی گەرم
پێم باشە بیکەمەبەرم
هێندەی پێناچێت
دەستی سپی و سۆڵ
کە لە ئاستی تریفەیدا
شەرمەزارن
لۆکەو بەفر و سەهۆڵ

تروسکەیەکی بروسکەی
پێش نمەی باران هێن
دەکاتە ئامێزت
فنجانەکە
لەدوای سەمای
سەر پەنجەکانی
بەزەردەخەنەوە
دێتە سەر مێزت
***
خوشکی دووهەمی گۆنا ئاڵ
لەیەکەم بەتەمەنترە
دوو ساڵ
نازانم بڵێم تاوس
چۆلەکە یان کۆترە!!
کە فڵچە و خاکەناز
دەگرێت بەدەستەوە
لەگەڵ ناز
کاشی گەسک دەدات و
دەیسڕێت
سەرنجەکانم بەخۆیەوە
دەنووسێنێت
پەل و پۆم دەبەسترێت
لەگەڵ هەموو





شیعر

بزواندنێکیدا و بزەیدا
نیگام لەگەڵیدا دەبزوێ
بەبێدەنگی
خۆشەویستیم لەگەڵیدا دەدوێ
کەس نابیستێت زەنگێ
***
لەم یەک دوو رۆژەدا
ڕەشپۆش بوو
نەک پرسەی هەبوو‌بێت
تا بڵێم پێم ناخوش بو !
بوو بوو بە پەرەسێلکە
حەزم دەکرد
بەسەر لقی
درەختی ژیانمدا
بنیشتایاتەوە
خونچەی شیعرێکیشم پێ
ببەخشایاتەوە
یەکشەممە لەندەن
2016/1/24





## جەمال شارباژێڕی

-شارباژێڕی ساڵی 1941 لە گوندی واژەی شارباژێڕ لە دایکبووە.

- بە منداڵی هاتوەتە چوارتاو دواتریش هاتوەتە سلێمانی.

- لە شەست و حەفتاو هەشتاکاندا کۆمەڵێك دیوانە شیعری دەرکرد، کە لەوکاتەدا لەنێوەندی ئەدەبی دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بەتایبەتیش (لە ئەلبومی یادگارا، ملوانکەی هەزار دەنکەی شارباژێڕ، پارچەیەك لە جگەرم، کسپەو سۆز).

-یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی شیعری کوردی، کە لەسەرەتای شەستەکانەوە بە ریتم و بۆن و بەرامی تایبەتی خۆی، دەستی بە شیعر نوسین کرد.

- یەکێك بووە لە شاعیرانی گروپی روانگە، ئەم گروپە یەکێك بوون لە گروپە نوێخوازەکانی شیعری کوردی.

- ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژی.